پارتەکی کوردی ئێران لەدوای ڕێککەوتنی ئەمنی بەغدا وتاران لەدژی پەکەکە بۆ بەرژەوەندی تورکیا کار دەکات

ئەمڕۆ پێنجشەممە،سەرچاوەیەکی سیاسی ئاشکرایکرد کە پارتی ئازادیی کوردستانی ئێران(پاک) کە ئێستا لە هەرێمی کوردستانی عێراق و شاری هەولێر نیشتەجێیە، بەچاودێری هەواڵگری تورکیا(میت)وەک پارتەکی هەواڵگری کاردەکات بۆ ئاشکراکردنی شوێن وپێگە و چەکدارەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان .

ئەو سەرچاوەیە لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ ئاژانسی هەواڵی "موتەڵەع"،ئاماژەی بەوە کردووە کە: ”پارتی ئازادیی کوردستانی ئێران“، لەڕێگەی ئەزموونە کەڵەکەبووەکانی پێشووی لە هەرێم و کارکردنی بۆ ساڵانێک لە باکووری عێراق،وپاڵپشتیکردنی لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوه، توانی ئەو شوێن وپێگە وچەکدارانە ئاشکرا بکات کە کار بۆ پارتی کرێکارانی کوردستان دەکەن و بەم دواییەشدا پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ ئەنقەرەدا گرێدا،بەتایبەت دوای ئەوەی حکومەتی عێراق ڕێککەوتنی ئەمنی هاوبەشی لەگەڵ ئێران واژۆکرد، هەروەها هەڵوەشاندنەوەی پاسپۆرتی عێراقی بەرپرسانی ئەم پارتە پاڵیان بە ئەندامەکانیەوە نا، بە سەرۆکایەتی بەناو (حوسێن یەزدان بیناە) بۆ ئەوەی ڕوو بکەنە تورکیا و لە ژێر چاودێری هەواڵگری تورکیا (MIT) کار بکەن.

شای□نی باس□ تورکیا ل□م دوای□دا ل□شکرک□شی کرد□ قو□ایی خاکی ع□راقدا، دوای ئ□و□ی جیهان س□رقا□ی □وداو□کانی ململان□ی ف□ل□ستین و ئیسرائیل بوو، وناوچ□ی□کی ب□رفراوانی ل□ پار□زگای ده□ک داگیرکرد وچ□ندین زا□گ□ی ئ□منی ل□و□ ج□گیرکرد.